هونەرمەند ڕەسوڵ گەوهەری گلەیی لە مێدیاکان دەکات و ڕەخنەش لە بەرپرسان دەگرێ

ڕۆژی گەل : کاک ڕەسوڵ جەنابت هونەرمەندێکی ناسراوی بەڵام با بیۆگرافیت لە زمانی خۆتەوە ببیسین؟

و: ئەمن زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە، دیارە ئەوە گەورەیی خۆتانە. ڕێزو سپاس و خۆشەویستیم بۆئێوە هەیە، ئەمن پێموایە ئەو جۆرەی کە جەنابت فەرموت ئاواش ناسراو نیم ئەوە لە گەورەی جەنابتە. ئەمن ڕەسووڵی گەوهەریم لە گوندی چۆمەڵی سەربە شاری مهاباد ساڵی ١٩٧٩ لەدایک بووم، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییم هەر لەو گوندە تەواو کرد و دواییش بۆ ناوەندی و دواناوەندی لە مهاباد گیرسامەوە هەتا کۆتای خوێندنم کە "مێعماری " بوو، لەوێ ژیام . هەر لەسەرەتای منالیمەوە هەرهۆگر بووم بە بەشەکانی هونەری، لە سێهەمی سەرەتایدا من کاری وێنەکێشانم دەست پێکردبوو، زۆر بەلامەوە گرنگ بوو، هەمیشە لەناو گوڵ و گوڵزار و سرووشت بم، چونکە گوندەکەمان لە باری جوانی و سرووشتەوە بەناوبانگە، ئەوانەش دیارە کاریگەر بوون لەسەرم، لەساڵی سێهەمی ناوەندیدا لە بەشی نەخش و نیگاردا بە " قەڵەمی ڕەش " پلەی یەکەمی شارەکەمانم وەرگرت . لە دواناوەندیشدا توانیم هەر لەو بوارەدا سەرکەوتن وەدەسبێنم، لە شاری ورمێشدا توانیم لەو بوارەدا پلەی سێهەم وەدەس بێنم، دواییش بۆخۆم بە بێ مامۆستا رووم کردە ڕەنگکاری، لەو بوارەشدا توانیم سەرکەوتن وەدەست بێنم، دواییش هەر لەوبوارانەی هونەردا خەریکی کارکردن بووم وەکوو ئاواز و گۆرانی. ئەوکاتەی کە لە دەرس تەواو بووم واتە لەبەشی مێعماریدا دیپلۆمم وەرگرت بەوهۆی هۆگریم بە نەققاشی درێژەم بە هونەرەکەمدا. ڕۆژێکیان برادەرێکم پێی وتم بۆ لەسەر بەرد کار ناکەی ؟ ئیتر ئەوە بوو کە بە بێ ئەوەی کاری کەسێک ببینم یا کەسێک فێرم بکات خۆم دەستم دایە ئەو بیرۆکەیە و یەکەم کاریشم وێنەیەکەی هونەرمەند ناسری ڕەزازی بوو کە زۆرم پێ جوان بوو پێشکەشی ئەو برادەرەیەشم کرد کە ئەو بیرۆکەیەی دامێ. ئەویش گوتی : بەلامەوە زۆر سەیرە کە تۆ هەتا ئێستە لەسەر بەرد کارت نەکردووە، بەڵام ئەو وێنەیەت ئەئاوا جوان دەرهێناوە.

ئەو هاندانە بەلامەوە خۆش بوو،دەستم دایە ئەو کارەو وای لێهات لە شاری مهاباد ئەو کەسانەی کاری کێلە و قەبریان دەکرد وێنەی مردووەکانیان دەهێناو ئەمن لەسەر بەرد وێنەکەم بۆ هەڵەقەندن .هەروەها هاوکات دەگەڵ کارە هونەریەکانمدا خەریکی کۆکردنەوەی گوڵ و گیای کوردی بووم ، ناوی پترلە ٧٢٠ گوڵم نووسیبوو کە بیکەم بە کتێب، بەڵام دوای بە هۆی پێوەندیم بە کاروباری سیاسیی و کوردایەتییەوە، بەداخەوە نەمتوانی چاپ و بڵاویان بکەمەوە. هەروەها بۆ ماوەی چوار ساڵ لە کۆمەڵی فەرهەنگی " سۆما " فێرگەی زمانی کوردی کارم کردووە لەگەڵ کاک ڕەحیم سوڵتانی و کاک جەماڵ پورکەریم و برادەرانی دیکە. فیلمەان درووست کردووە و کتێبمان نووسیوە لە سەر ڕێنووسی زمانی کوردی بە هەر دوو جۆری ئارامی و لاتینی، بەخۆشیەوە لەو بەشەشدا بە باشی سەرکەوتین لە بەشی شێعریشدا تێکۆشانم هەبووە، بەڵام بڵاوم نەکردوەتەوە هەتا ئەوەی کە هەڵقەندراین و لە هەولێر گیرساینەوە .

ڕۆژی گەل: چۆن بوو هەڵقەندرای و ماوەی چەند ساڵە لە هەولێریت ؟

و: لە ڕێی عەلاقاتی پارتی لە نەغەدەوە ئەمن پێوەندیم لەگەڵ پارتی هەبوو کە جارێکیان هاتمە مەسیف و لە چاوپێکەوتنێکمدا دەگەڵ سەرۆک کە دوو وێنەی سەرۆک بارزانی و شەهید ئیدریسم پێشکەشکرد هەروەها بە بۆنەی پێوەندی تەشکیلاتیم لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستان، هەروەها بە هۆی ئەوەی کە زۆر هۆگری ئەوە بووم کە لە ڕووداوەکانی ڕۆژ وێنە و فیلم هەڵبگرم (لەو دوو بەشەشدا خاوەن بڕوانامەم)، ئەو کارانەش لەوێ قەدەغە بوو،وای لێهات تۆمەتی فیلمهەڵگری بە حزبی دیموکراتی کوردستانیان تۆمەتبار کردم .

پ : کاک ڕەسووڵ لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی کە لە هەولێریت زۆر کارت بۆ میدیاکان و کەسایەتیەکان ئەنجام داوە، ئایا کەس یارمەتی داویت؟!

و: بە لێ لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا پێوەندیەکی زۆرم لەگەڵ بەرپرسانی حکوومی و حزبی هەبووە. هەروا داوەتی جەنابی سەرۆک بووم و دوو تابلۆم پێشکەشکرد، داوەتی هێرۆخان و جەنابی مام جەلال سەرکۆماری عێراق بووم کە سێ تابلۆم پێشکەشی هێرۆ خان کرد و ڕێزێکی زۆریان لە کارەکەم گرت, جەنابی مام جەلال گوتی ئەگەر لە کوردستان بمێنیتەوە ئێمە ئامادەین بۆ هەموو جۆرە هاوکاریەک. بەلامەوە خۆش بوو و قبووڵم کرد. دیاریەکیشم بۆ پەرلەمانی کوردستان برد کە بەڕێز کاک عەدنان موفتی پێشوازیەکی زۆر باشی لێکردم کە ڕۆژگارێک دێت ڕێز لەو تابلۆیە دەگیردرێت کە بە مانای یەکگرتنەوەی کوردستانە. ئەو هونەرەی من کە باستکرد هونەری هەڵکردن لەسەر بەردی پێ دەڵێن، کارەکەم لەسەر بەردی گرانیتی ڕەشە کە ڕەسم و نووسین هەڵدەکەنم بە بێ بەکارهێنانی ڕەنگ. هەر تابلۆیەکم پتر لە هەزار ساڵی تەمەنە، ئەگەر بە بەنزین یا نەوت یا بەهەر ماددەیەکەی دیکەیش بیشۆیتەوە ڕەسم و نووسینی تێک ناچێ. دەتوانم بڵێم لە هەرێمی کوردستان و بە گشتی لە عێراقیشدا یەکەم هونەرە. ئەمن کاری دیکەیشم بۆ شەهیدانی یەکی شوبات کردووە، لە مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێشانگایەکم سازکرد، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستاش مافەکەیان پێنەداوم، هەروەها چووم بۆ لای کاک پشتیوان سادق و دیاریەکی زۆر جوانیشم بۆ برد و پێم گوت کە ئامادەم تابلۆی

شەهیدانی یەکی شوبات بۆ ئێوە هەڵبقەنم بەڵام ئەوهیچ ڕێزی لە هونەرەکەم نەگرت بگرە دەسخۆشیشی لێنەکردم. چوومە لای چنار سەعد عەبدوڵا وێنەی جەنابی باوکیم بۆ برد بریاریشم پێدا کە ئەمن شەهیدانی دەستی تیرۆری یەکی شوبات بکەمە پێشانگا بەداخەوە هیچ ڕێزی لە هونەرەکەم نەگرت، و هیچ وەڵامێکی نەدامەوە و بگرە دوایی تەلەفوونەکەشی لێداخستم. چوومە لای جەنابی محافز و وێنەی جەنابی سەرۆکم بۆ برد کاتێک چوومە لای و ویستم لەگەڵی دانیشم و پێم گوت ئەوە هونەرەکەی منە زۆرم پێ سەیر بوو تەنانەت محافز بە منی نەگوت دەستتخۆش بێ، ئیتر پێم وت من نەهاتووم داوایەکت لێ بکەم هاتووم چایەکت لەگەڵ بخۆمەوە، گوتی: وەختم نیە! من دیاریم بە تەلەفزیۆنی نەورۆز داوە کارەکەم چووە بۆ کوردستان تیڤی، کوردسات بە گشتی هەو پێشانگایەی مەڵبەند کە کردمەوە لەوێ بوون، ڕۆژنامەکان کارەکەی منیان بینیوە، بۆ زاگرۆس تیڤی دیاریم بردووە کارەکەم دەزانن بەڵام چەند جار برادەران زاگرۆس تیڤیان ئاگاداریان کردوونەتەوە کە هونەرمەندێکی وا هەیە دوکانی داناوە وەرن تەسویری بکەن، بەڵام ئەوان فشەیان بە هونەرەکەی من هاتووە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت من زۆرم پێ سەیرە، من لە هەموو بوارەکانی هونەردا تێکۆشانم هەیە هەروەها لە ڕێنووسی کوردیدا تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە نیە کە من ڕەخنەم لێی نەبێت، زۆربەیان پڕە لە هەڵەی ڕێنووسی کە ئەوە بە لای منەوە زۆر گرینگە بۆ ئەبێت لە کوردستانێکی ئازاددا وابێت. من داوا ناکەم ڕێز لە من بگرن، بەڵام مەگەر ئەوان ناڵێن هونەری پێشکەوتوومان دەوێت با ڕێز لە هونەرەکە بگرن. بۆچی گۆرانی بێژێ کە دوو سەماکەری دەگەڵ خۆی هێناوە هەموو تەلەفزیۆنەکان بانگهێشتی دەکەن، بەڵام بۆ هونەری من کە دەتوانم بڵێم بەکەم هونەر

نە لە کوردستاندا بگرە لە جیهانیشدا بۆ نابێ ڕێزی لێ بگیردرێت . ماوەیەک لەوە پێش ڕۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی هاتە ماڵم گوتی ئێرە ماڵی خۆتە گوتم نا هوتی ئەی سەییارەت گوتی ئەوە تۆ چی دەڵێی گوتی ئەو حکوومەت چ خزمەتگوزاریەکی بۆ کردووی ، ئەگەر تۆ لە ئەمەریکا بوایەتی پەیکەرتیان لە زێڕ درووست دەکرد منیش تێدەکۆشم حەتمەن بتبەمە ئەوێ و هونەرەکەت بناسێتم ، بەلامەوە زۆر خۆش بوو کەسێکی بێگانە ڕێز لە هونەرەکەم بگرێت ، بەڵام هەتا ئێستا میدیایەکی کوردی نەهاتووە لە هونەری هەڵکردن لەسەر بەردی گرانیتی ڕەش بپرسێت . ئەوە لە کاتێکدایە هەتا ئێستا من ئەو هونەرەم بۆ غەیری کورد نەکردووە نە لە ئێران نە لێرە لەسەر داوای هەندێک کەس . دیاریم بردووە پێنج سەد تا شەش سەد دۆلاری بۆ من خەرج هەبووە و بەبەرامبەر بووە و پارەکەشم وەرنەگرتووە بەڵام گوتوومە قەیناکات ئەوە بۆ نەتەوەکەمە . لەمدواییانەدا لە فستیڤاڵی جگەرخوێندا لەلایەن بنەماڵەکەی و وەزارەتی ڕۆشنبیری داوام لێکرا تابلۆیەکی بۆ هەڵقەنم . بیست و پێنج ڕۆژ خەریکی ئەو تابلۆیە بووم تابلۆکەیان لەوێ دانا لەکاتی پەردەلادان لەسەر تابلۆی وەزیری ڕۆشنبیری کاک فەلەکەدین کاکەی لە جێاتی ئەوەی بڵێ ئەم هونەرە چیە دەستی ئەو هونەرمەندە خۆش بێت، گوتی :ئەرێ پەیکەرەکەیان بهێنایە باشتر نەبوو (گوایە قەرار بوو پەیکەرێک بێنن بەڵام ئێستە بەهەر جۆرێک بوو نەیانهێنابوو) . منیش بەلامەوە زۆر سەیر بوو ئەوە من لەوێ وەستاوم بۆ سەبارەت بەو هونەرە هیچ لە من ناپرسێت هونەرێک مەگەر بیشکێنی لەبەین بچێت ، وەزیرێک کە باسی ڕۆشنبیری و ئەو شتانە دەکات زۆرم پێ سەیر بوو کە لەو شتانەناگات . دوای تەواو بوونی فستیڤاڵەکە ڕەخنەم لە وەزیر گرت و

هونەرەکەم بە تەواوی بۆ باسکرد و وتی : دیارە نەمزانیوەو داوای لێبوردنی کرد. پێم خۆشبوو کە هونەرەکەی بۆ ڕوون بۆوە .

ڕۆژی گەل: کاک ڕەسوڵ لەو تابلۆیانەی کە هەڵتکەندوون کامیانت پترخۆشدەوێت ؟

و : ئەو تابلۆیەی کە پێشکەشی پەرلەمانم کرد و هێمای ئازادی و یەکگرتنی چوارپارچەی کوردستانە و دیارە دەبێ ئەوەش بڵێم کە بەڕێزعەدنان موفتی هەمیشە لە هەردوو بواری ماددی و مەعنەوی پشتیوان و یارمەتیدەرم بووە هەروەها ئەو دوو تابلۆیەی سێ شەهیدی ڕابەر کە پێشکەشی حزبی دیموکراتی کوردستان مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادەم کردووە کە جەنابیان لە بواری مەعنەویەوە هەموو کاتێ زۆر هاندەرم بووە و ئەوەی کە وەک ڕێز و وەفاداری لە مامۆستام بینیوە لە کەمتر کەسێکم بینیوە و لە بواری هاندانم بۆ هونەرەکەم کەسێکی زۆر گەورە بووە .

: ڕۆژی گەل: زۆر توانای دیکەی هونەریشت هەیە، دەنگت خۆشە ، شێعری جوانت هەیە، لە گیاناسی و فۆتۆ و تەسویر و فۆتۆشاپدا زۆر کارامەی پرسیارم ئەوەیە ئەگەر هونەری هەڵکەندن لەسەر بەردی گرانیتی ڕەشت نەکردایە چیت دەکرد ؟

و : لە بەشی گیاناسی و هەروەها فۆتۆ و تەسویر تێدەکۆشام .نالێم گۆرانی چونکە بەداخەوە هەم ئافرەتان و هەمیش هونەرمەندان ئاستی ئافرەت و هونەر و گۆرانیان دابەزاندووە چونکە نازانم ئەمڕۆ هونەرمەندانمان فیلم دروست دەکەن یا گۆرانی دەڵێن ؟ ئێمە کوردین فەرهەنگمان لەگەڵ ئرووپای جیاوازە .کۆمەڵگە ئەو ڕۆشنیری و گەورە کەسایەتیانەن کە هەموو شت دەبینن بەداخەوە تەلەفزیۆنەکانیشمان کە بەرنامەیەکی گەورەیان وەدەستەوەیە هەر بە کەسەکە دەڵێن تکایە کاتمان نەماوە بەڵام دوای بەرنامەکە تەواو دەبێت دەبینی ئەو بەرنامەیە زێڕە دەبڕن و کلیپێک دەخەنەسەر . بایەخی ژن زۆر لەوە زیاترە کە سەمای پێ بکەی .

ڕۆژی گەل: زۆر سپاست دەکەین بۆ ئەو چاوپێکەوتنە و هەر وتەیەکت وەک دوا وتە هەیە بفەرموون ؟

و : ئەمن زۆر خۆشحاڵم کە لە ڕێگای هەفتەنامەی ڕۆژی گەلەوە توانیوم بیروبۆچوونم بێتە سەرلاپەڕەیەک و نیشتمان پەروەرانی وڵاتەکەم کە دڵیان بۆ هونەر لێدەدات بتوانن بیخوێننەوە . داوام ئەوەیە ڕێز لە کەسایەتیم نەگیردرێت بەڵکوو ڕێز لە هونەرەکە بگیردرێت . هەر بژین و سەرکەوتوو بن.

سازدانی: ئازاد ڕۆژهەڵاتی

کاری ژنان لە نێوان ڕۆتین و خەباتدا

ژنان بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە کارەکانیان لەگەڵ کاری پیاودا نەک هەر جیاوازی نی یە، بەڵکو لەوانیش باشتر کاردەکەن لە هەندێ شوێندا، دەبێ جیاوازی بکەن لەنێوان ڕۆتین و خەباتدا. کاری ڕۆتینی ژنان کە ڕۆژانە لەبەر خاتری بژێوی خۆی و خێزانەکەی لە ماڵ دەردەچێ و ڕوو دەکاتە شوێنی کارەکەی بەڵام هیچ تازەگەری و داهێنانێک لە بوارەکەی خۆیدا ئەنجام نادات، واتە تەنها کات بەڕێ کردنە چ بەهۆی پابەند بوونی یەوە بە یاسا کلاسیکی و کۆنە پەرستەکان یان بەهۆی نزمی ئاستی هۆشیاری یەوە بێت کە ناتوانێ خۆی چارەسەربکات، بەڵام کاری خەباتگێری کاری داهێنان و بنیاتنانە.کاری نەخشەسازی و پلاندانانە بۆ ڕۆژانی داهاتوو بە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆی،هەروەها کارێکە کە هۆش تیادا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ...کەواتە دەبێ جیاوازی چی بێت لە نێوانە کاری ڕۆتین و کاری خەباتگێری؟... بۆ وەڵام دانەوەی ئەوە پرسیارە هەڵسەنگاندنی کار و پیشەکان باشترین وەڵامە...کاتێ مامۆستایەک دەچێ بۆ قوتابخانەکەی و لەوێ کارەکەی خۆی بەجێ دێنێ،ئەوە کارێکی ڕۆتینی ئەنجام داوە،چونکە هەموو ڕۆژێ دەبێ خۆی بگۆڕێ و هەندێ دەرمان و بۆن بەکاربهێنێ و لەوێش چەند خولەکێک دوای زەنگ دەچێتە پۆلەوە بەهۆی باسی مۆدێلات و ئوتومبێل و خانوو،هەندێ جاریش بەهۆی مۆبایل و شت خواردنەوە لەوەش زیاتر دوادەکەوێ،ئەمە بووە بە ڕۆتینی ژیانی ئەو مامۆستایە و خۆی پێوەگرتووە و تەنیا ڕۆژ بەڕێ دەکات.ئەم ڕۆتینە زیانێکی زۆری لەخۆی و کۆمەڵگەکەی دەدات،زیان لەخۆی دەدات بەوەی کە هیچ زەخیرەیەکی کۆنەکردۆتەوە بۆ سومعەتی ئێستا و دواڕۆژی زیانیش لە کۆمەڵگە دەدات کە جێگای کەسێکی باشی داگیر کردووە و سودێکی ئەوتۆشی نی یە...بەڵام ئەگەر ئەو مامۆستایە لە کارەکەیدا بەپێ ی پلان بروات و کاتێ وانەکانی بەرێک و پێکی دابەشکردبێ و ،بەدوای زانست و داهێنانی نوێدا بگەڕێ و چی پێ یە بیگەیەنێ بە فێرخوازەکانی کەواتە ئەو مامۆستایەکی دڵسۆز و سەکەوتووە،قازانجی بۆ خۆی و کۆمەڵگەکەی هەیە،قازانجی بۆ خۆی لەوەدایە زۆر بەسەربەرزیەوە شانازی بەوەوە دەکات کە ئەرکێکی سەرشانی بەجێ گەیاندووە،قازانجی کۆمەڵگەکەش لەوەدایە کەسودیان لێ بینیوە و کۆمەڵێ فێرخوازی پەروەردە و فێرکردووە،کەواتە ئەو مامۆستایە خەباتگێرە و شایەنی ڕێزە.دەبێ ژنان بزنن دڵسۆزی لەکارکردندا خەباتکردنە،کەسێکیش خەبات بکات دەبێ بگات بەئاوات و مەرامەکانی خۆی چونکە بوار بۆ ئەو کەسە ناهێڵتەوە کەماف و ئازادی یەکەی لێزەوت کردووە.

نەسرین کەریم

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com